

## دەرهاویشتەی دەسەڵاتی  دۆگم و نەگۆڕ
## لە سووتاندنی مۆنمێنتی هەڵەبجە و پەڕاوێزکردنی ئێزدییەکان


**ئاسۆ بیارەیی**

**سوێد**     2007-2-23

assobyari@yahoo.com


---

**هەموو خێزانێک، هۆزێک، کۆمەڵگەیەک و نەتەوەیەک خاوەنی کۆمەڵێک نورم  پێوەر و بەهای پیرۆزی خۆیەتی. ئەو پێوەر و نۆرمە نیشانەی کەسایەتی و بوونیەتی، سنوورێکن بۆ هەبوونی، بەپێشێلکردنیان، سووکایەتی بەو کۆمەڵە یان کۆمەڵگەیە دەکرێت کە هەڵگری ئەو نۆرم و داب و نەریتەن کە دەربڕی بوونیانە. بۆ نموونە سڕینەوەی سرودی ئەی ڕەقیب کە سرودی ملیۆنەها کوردە، سووکایەتی کردنە بە گەلی کورد و فەرامۆش کردنی. پارێزگاری ئەو پێوەر نۆرمانە لە هاوکێشەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دەسەڵاتەوە کە بەرفراونترین  هێزی هەیە لەو ناوچەیەی کە فەرمان ڕەوایی تیادەکات.**

**کاتێک ئەو دەسەڵاتە، ئەو نۆرم و پێوەرە پیرۆزانەی کۆمەڵگە پێشێل دەکات، بێگومان لای کەسانی سادەش ئەو بەهایەیان نامێنێت. ئەگەر لێرەوە سووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە هەڵبسەنگێنن، ئەو ڕاستیە بە ئاسانی لە نێو پرۆسەکەدا دەستەبەر دەکەین. کاتێک جەماوەری هەڵەبجەی شەهید دەبینن خوێنی شەهیدانی کەسوکاریان لە لایەن دەسەڵاتی بنەماڵەی تاڵەبانی و بارزانیەوە و هیزە چکۆلەکانی تری کوردستانەوە، وەکو ئامرازێکی سواڵکردن و گەندەڵی لێ دێت، بێگومان گەنجێک یا هەر هاونیشتمانیەکی هەڵەبجەییش ئەو هەستەی نامێنێت و ئەو مۆنۆمێنتەی بە شوێنێکی ڕەش دێتە بەرچاو، بە تایبەتی کاتێک شارەکەیان دەبینن کەلاوەیەکە و دوورە لە هەموو خزمەتگوزاریەک، لە هەمان کاتیشدا ئەو دەسەڵاتە سامانی کوردستانی بۆ خۆی زەوت کردووە و بە هەزارەها ڤێلا و کارگەی تایبەتی  دروستکردووە.**

**ئەگەر ئەو ڕووداوەی مۆنۆمێنتەکەی شەهیدانی هەڵەبجە گرێ بدەین بە کێشەی یەزیدیەکان، هەورامیەکان، کاکەیەکان، هاواریەکان و ..هتد لە توێژ و پێکهاتەی بێدەسەلاتی کۆمەڵگەی کوردی و پەراوێزکردنیان لە لایەن هەمانی دەسەلاتی خێڵەکی کوردستانەوە، هەمان شانۆگەر و سیناریۆ چەند بارە دەبێتەوە لە ئێستا و داهاتووشدا. تاوانباری یەکەم و دواییش هەر هەمان دەسەڵاتە. بۆ؟ چونکە ئەگەر بنەماڵەی سەردەست( بنەماڵی موسوڵمانی بارزانی، کە مانەوەی بنەماڵە لایان گرنگترە لە دۆسیەی کورد وەکو نیشتمان و نەتەوە) بە چاوێکی نەتەوەیی و یەکسانییەوە سەیری یەزیدیەکانیان بکردایە و نۆرم و هەستی نەتەوایەتی پێش هەستی بنەماڵە و ئاین بوایە، هەرگیز تاکێک یان کۆمەڵێکی ئەو بنەماڵەیە وەکو دوژمن سەیری یەزیدیەکانی نەدەکرد و شوێنە پیرۆزەکانیان نەدەسووتاندن و دەست درێژیان نەدەکردە سەر ناموسیان، هەرچەندە ئەوان(یەزیدیەکان وئەوانەی کە ئاینیان نەگۆڕیووە ڕەسەنترین ڕەچەڵەکی کوردن و دەبێ شانازیان پێوە بکرێت، نەک ڕەجم بکرێن). لێرەدا ئەگەر بنەماڵەی سەردەست کە خاوەن هێزە، و ئەوانی وەکو کورد سەیربکردایە، ڕودانی ئەو جۆرە ڕوداوانە کەمتر دەبوو.**

**با دوور نەڕوین نموونەیەکی زیندوتر و نیزیکتر بخەینەوە بیری ئەو دوو بنەماڵە سەردەستەی کوردستان،  تا ڕاستی ئەوە دەربکەوێت کە ئەوان چەند ڕێزی سنووری نەتەوایەتی کورد و نۆرمەکان دەگرن.  کێ بوو پەرلەمانی هەڵبژێردراوی لە شاری هەولێری سووتاندو خاکی باشووری کوردستانی کرد بەدوو بەشەوە ساڵی 1996 مەگەر هەر ئەو دوو بنەماڵە خۆپەرست و دۆگمە نەبوون! با باسی ساڵانی 66 ، 74 ، گرتنی حاج هۆمەران ساڵی  1982، 1983 پشت ئاشان و کوشتنی سەدەها پێشمەرگە، هێنانی پاسدار بۆ کەرکوک و**

شەهیدکردنی شاری هەڵەبجەساڵی 1988 نەکەین. بەڵی! پۆلەتیکی ئەو دەسەلاتەیە کە وای کردووە لە لایەنگر و ئەندامەکانیان کەوەکو دوژمن سەیری لایەنێک یا چێنێک بکەن کەوەکو خۆیان بیرنەکەنەوە، ئەوان تەنها دێوجامەی پەرۆی سەوز، زەرد و سوور دەبینن، ئیدی چۆن شانازی ناکەن بە ئەتکردنی کیژێکی هاواری یان کاکەیی و یەزیدی، یان بەهەورامیەکان نەڵێن جیاخوازن، کەوەکو خۆیان هەمان ئاین و سەرۆک بنەماڵەیان نیە.

ترسناکترین دیاردە کە ڕەگی لە سیستەمی ئەو بنەماڵانەو هەندێ لایەنی دۆگم و نەگۆڕی ناو کۆمەڵگەی کوردی داکوتیوە، سووک سەیرکردنی ژنان و کچانی کورد و ماف دانی تەواوە بە پیاو و بە هێزکردنی ڕێشەی کۆنی پیاوسالاریە، بە پاڵپشتی گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکانی کوردستان، کە ڕاستەوخۆی خەریکی گرێدانی پیاوانی کوردن بەو نەریتە نامرۆڤانەوە، بەنەریتی ڕەجمکردن. لێرەدا ئەوەی کە سەیرە و بێ دەنگی بەرامبەر دەکرێت، لە لایەن بنەماڵەی بارزانی یان تاڵەبانی و هێزە ئاینیەکانی ترەوە، شەرەف و کەرامەتی ئەو ژن کیژە کوردانەیە کە تا ئێستا لە پرۆسەی ئەنفالدا بێ سەرو شوێنن. ئەو بێ دەنگیە دیسان ئەنجامێکی گرێدراوە بە پیاو سالاری لە ناو کۆمەلگەی کوردیدا، کەواتە سۆراخ نەکردنی ئەو ژن کیژانە بۆ ئەو هێزە پاشکەوتووانە، باشترە لە ئابڕو چونیان لەوەی کە کۆمەڵێک کچ وژنی کورد (وەکو هەندێ کادیریان دەڵێن: بوونەتە لەشفرۆش و سۆزانی) بە داوێن پیسی بدۆزنەوە، مانەوەی ئەو کچ و ژنە کوردە بۆ ئەو هێزانە لەو وولاتانەی کە دێپۆرت کراون بۆی، لەو دۆخەدا لەو ئەرکە(پارێزگاری ناموسی گەڵ) دەیانپارێزێت و سووکی دەکات.

هەرچەندە سەرۆک و هیمای ئەو دوو بنەماڵەیە لافی مۆدێرنزم و شارەستانی لێدەدەن، بۆ جوانکردنی دەسەلاتەکەیان چەند ژنێکی کارتۆنیان دامەزراندووە، بەڵام کوشتنی کچان و ژنانی کورد، لە ژێر هەر بیانوێکدا بێت، پێچەوانەی لافو کرداری فریوکەرانەی ئەوانە.